# گۆێ لە رۆژنامەنوسانی کەرکوك بگرن

**کاوێزمەلاپەروێز**

**کەرکوك**

**میدیایی سەربەخۆی کوردی و رۆژنامەنوسی کورد ماوەیەکە ئەو کەم وکورتیانە دەخەنە روو کە ئیدارەی پارێزگای کەرکوك پێدا تێدەپەرێ...ئەزیش کە رۆژنامەنوسێکم رێك لەگەل ئەوەدام کە بێدەنگی نەنوێنرێ لەو کەم و کورتیانە کە ئیدارەکەمان تێدا بەرپرسە نەك حکومەتەکەی جافەری؟**

**ئەوەی کە گرنگە دەسەلاّت و ئیدارەی کەرکوك بە بایەخەوە گرنگی بەو رەخنانە بدات و بە دوای چارەسەریان بروات..ئەگەر ئیدارە و دەسەلاّتە سیاسیەکەی کەرکوك فەرامۆشی بنوێنن و لە حالّەتی مەستبوونی خۆیان لەسەر هەمان کار و رەفتاری پر لە گرێ و هەلّە برۆن دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە چارەسەر کردنی گەندەلی و کەم و کورتیەکانی ئیدارەی شارەکەمان قۆلی لێ هەلّمالن.**

**زۆر شتی سەیر لەم شارەدا روو ئەدەن کە چاکەکانی دەسەلاّت و ئیدارەی شاریش شەرمەزار دەکات.. ئەگەر کۆ دەنگی لەسەر نەکرێ و ئەم رەوشە وا بروات ئەوە نە میدیا وەك دەزگا و نەیش رۆژنامەنوسی کورد وەك تاك ناتوانن لە هەلّبژاردنی ئایندە ببنە بلّند گۆی کۆ کردنەوەی دەنگەکانی خەلکی شار...بیرتان نەچێ رۆژنامەنوسی ئێستای کەرکوك رەنگی پر ئازاری خەلك رەسم دەکات و دەیخاتە بەر وێژدان ئەمرۆ کە رۆژنامە نوس دەنگی بلّند کرد و باسی لە ئازاری خەلك و دەست پیسی و داوین پیسی بەرپرسانی شاری کرد و چارەسەر نەکرا ئەوە گلەیی نەکەن کە بۆ دەنگتان لە هەلّبژاردنی نێزگ بویەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك نەهێنا خەتاکەیش نەخەنە پالّ ئەم و ئەو؟!.**

**وا چاکە دەرفەتی ئەنجومەنێك نەدرێت بەو پیداویستیانەی خەلك کە کەرکوکێکان بوونەتە سوالّکەر و جێگای پارانەوە بۆ بە دەست هێنانی مەبلەغێك پۆل بۆ بوارەکانی خزمەتگوزاری شار کە بە دەستی بێ خزمەتیەوە دەنالێنێ بەرپرسانی ئیدارە ئەو پارەیە دەبشنەوە بەسەر خۆیاندا و کەم و کورتیە شخسیەکانیان پێ پر دەکەنەوە.**

**بە هیوای ئاووردانەوەیەکی جدی لە ناهەمواریەکانی کەرکوك کە بەشێکی زۆری دروستکراوی دەستی پیسی بەرپرسانی کوردە لە ئیدارەی شارەکە.**

K_mlaprwez@yahoo.com